# "بەشی حەوتەم"

## ( هەندێ حوکمی تایبەت بە ئافرەتان لە مەسەلەی ڕۆژوودا )

گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان فەرزە لەسەر هەموو مۆسوڵمانێکی پیاو و ئافرەت وەیەکێکە لە ئەرکانەکانی ئیسلام وە لە کۆڵەکە گەورەکانی ئیسلامیشە . خوای گەورە دەفەرموێت ﴿یا أیها الذین آمنوا کُتب علیکم الصیام کما کُتب علی الذین مِن قبلکم لعلکم تتقون﴾ (سورة البقرة:١٨٣) وە ووشەی (کُتبَ) واتە فەرز کراوە . ئەگەر کچ گەیشتە تەمەنی ئەوەی کە حوکمە شەرعیەکانی لەسەر واجب بێت . بەوەی کە یەکێك لە نیشانەکانی بلوغی تێدا دەربکەوێت وە لەوانە (الحیض)ە . ئەوا لەو کاتەدا ڕۆژووی لەسەر فەرز دەبێت . وەلەوانەیە تووشی (حیض)بێت و تەمەنی (نۆ ساڵ بێت) . وەهەندێ لە کچان نازانن کە ڕۆژوویان لەسەرە لەو کاتەدا و بەڕۆژوو نابن بە گومانی ئەوەی کە بچوکن . هەروەها کەس و کاری فەرمانی پێناکەن بە ڕۆژووبێت ، وەئەمە بەسووك گرتنێکی گەورەیە بەرامبەر بە ڕوکنێك لە ڕوکنەکانی ئیسلام . وەهەر کەسێك ئەمەی بەسەردا هاتبوو واجبە لەسەری کە ڕۆژووی ئەو ماوەیەی پێشووی کە ڕۆیشتبوو بگرێتەوە هەرچەند ماوەیەکی زۆریشی بەسەردا ڕۆیشتبوو . چونکە ئەو ڕۆژووە هێشتا لە ئەستۆی ئەودایە .

**کێ ڕەمەزانی لەسەر واجبە ؟ :-**

هەر کە مانگی ڕەمەزان هات فەرزە لەسەر هەموو پیاوو ئافرەتێکی موسوڵمان کە باڵغ بوبێت و نەخۆش نەبێت و موسافیر نەبێت . ڕۆژووی ڕەمەزان بگرێت . وەهەر کەسێك نەخۆش بوو یان موسافیر بوو لە کاتی ڕەمەزاندا ئەوا بەڕۆژوو نابێت . وە دەبێت دوایی چەندی نەگرتووە بیان گرێتەوە .

خوای گەورە دەفەرموێت ﴿... فمن شهد مِنکم الشهر فلیصمه ومن کانَ مریضاً أو علی سفرٍ فعِدةٌ من أیامٍ أُخر...﴾ (سورة البقرة:١٨٥) . هەروەها ئەو کەسەی کە مانگی ڕەمەزان دێت و بەڵام ئەم زۆر پیر بێت بەشێوەیەك کە نەتوانێت بەڕۆژووبێت یان نەخۆشبێت . نەخۆشیەکەی وا کەبەردەوام لەگەڵیدا بێت کە چاوەڕوانی چاکردنەوەی یەکجاری لێناکرێت ئیتر پیاو بێت یان ئافرەت . ئەوا ئەو کەسە بەڕۆژوو نابێت وە بۆ هەر ڕۆژێك نیو صاع لە خواردنی گشتی مام ناوەندی ئەو شارەی خۆی دەدات کەلای ئێمە (کیلۆو نیوێك دەکات) خوای گەورە دەفەرموێت ﴿...وعلی الذین یطیقونه فدیةٌ طعام مِسکین....﴾ (سورة البقرة:١٨٤) . ابن عباس (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت ئەم ئایەتەی بۆ پیرێکە کە هیوای چاك بوونەوەی لێناکرێت . رواه البخاری ، وەنەخۆشێك کە هیوای چاك بوونەوەی لێنەکرێت حوکمی ئەو پیرەی هەیە وە گێڕانەوەی لەسەر نیە ، بەهۆی ئەوەی کە ناتوانێت .

وە جگە لەمانە کە پیاو و ئافرەت تیایدا بەشدارن . ئافرەتان بۆ خۆیان کۆمەڵێك عوزریان هەیە کە دەبێت بەڕۆژوو نەبن و دەبێت دوایی ئەو ڕۆژووانەی کە نەیگرتووە بیان گرێتەوە . وەئەم عوزرانەش ئەمانەن .

١) ***الحیض والنفاس :-*** حەرامە لەسەر ئافرەت کە بەڕۆژوو بێت لە کاتی ئەم دوانەدا وەواجبە لەسەری کە قەزای ئەو ڕۆژووانە بکاتەوە کە لەم کاتانەدابووە ، وەك چۆن لە صەحیحی موسلیم و بوخاریدا هاتووە (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) کە عائشە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی ((کنا نؤمر بقضاء الصوم ولا نؤمر بقضاء الصلاة))[1] . واتە (ئێمە لەکاتی (حیض) و (نیفاس)دا فەرمانمان پێ دەکرا بە گرتنەوەی ڕۆژوو بەڵام فەرمانمان بە گێڕانەوەی نوێژ پێ نەدەکرا).

٢) ***سك پڕی و شیردان :-*** ئەم دوو حاڵەتە ڕۆژوو گرتن تیایدا زیانی بۆسەر ئافرەت یان کۆرپەکە هەیە . یان بۆ هەردوکیان . لەبەر ئەوە لە کاتی سك پڕی و شیرداندا بەرۆژوو نابێت ئنجا ئەگەر ئەو زیانە تەنها بۆ سەر منداڵەکە هەبوو بۆ سەر خۆی نەبوو ئەوا ئەو ڕۆژووانە دەگرێتەوە وە هەموو ڕۆژێکیش خواردنی هەژارێك دەدات بەڵام ئەگەر زیانەکەی

---

(1) البخاري (٨٨/١) ، ومسلم (٢٧/٤) ، أحمد (٣٢/٦) ، أبو داود (٢٥٥) .

تەنها بۆ خۆی هەبوو ئەوا تەنیا ڕۆژووەکان دەگرێتەوە و خواردن نادات . وە شیردەر و سك پڕیش دەچنە ژێر ئەو ئایەتەی قورئان کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿....وعلى الذين يطيقونه فدية طعام مسكين....﴾ (سورة البقرة:١٨٤) . ئیبن کثیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیرەکەیدا بەرگی (١) لاپەڕە (٢٥٠)دا دەفەرموێت ئەوانەی کە ئەم ئایەتە دەیانگرێتەوە (سك پڕ و شیردەریش دەگرێتەوە کە ترسیان لە خۆیان یان لە منداڵەکانیان هەبێت) .

چەند ئاگاداریەك :-

١-المستحاضة : ئەمیش ئەوەیە کە خوێنێکی هەیە کە جیاوازە لە خوێنی (حیض) وەکو لەوە و پێش باسمان کرد . کەئەمە واجبە کە ڕۆژووەکەی بگرێت و نەیشکێنێت وە نابێت بۆ (إستحاضة) بەڕۆژوو نەبێت . شیخ الإسلام ابن تیمیە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) کاتێك کە باسی ڕۆژوو نەگرتنی (حائض)ی کردووە دەفەرموێت بە پێچەوانە (مستحاضة) چونکە مستحاضة کاتەکەی گشتیـیە کاتێکی وای نیـیە کە فەرمانی تێدا کرابێت بە گرتنی ڕۆژوو . هەروەها حاڵەتێکە ناتوانرێت ڕێی لـێ بگیرێت . وەکو گەڕاندنەوەی ڕشانەوە و یان بەربوونی خوێن یان لەش گران بوون لە خەودا هەروەها نموونەی ئەمانەی کە کاتێکی دیاری کراویان نیـیە . لەبەر ئەوە ئەم حاڵەتانە ڕێگرنین بۆ نەگرتنی ڕۆژوو ) تەواو (مجموع الفتاوی) بەرگی (٢٥) لاپەڕە (٢٥١) .

٢- واجبە لەسەر (حائض) و (سك پڕ) و هەروەها (شیردەر) ئەگەر ڕۆژووی قەرزیان لەسەر بوو پێش ئەوەی ڕەمەزانی داهاتوو بێتەوە بیگرێتەوە وە تاپەلەی تیادا بکرێت چاکترە . وە ئەگەر بۆ ڕەمەزانی داهاتوو تەنها چەند ڕۆژێك مابوو بەقەدەر ئەو ڕۆژانەی کە قەرزارن ئەوا دەبێت قەرزەکە بگرێتەوە بۆ ئەوەی ڕەمەزانێکی تازە نەیەت و ئەمان قەرزی ڕەمەزانێکی پێشوویان لەسەرمابێت . ئەگەر وایان نەکرد و ڕەمەزان هات و ئەمان ڕۆژووی ڕەمەزانی پێشوویان لەسەر مابوو . وەهیچ عوزرێکیان نەبوو لەوەی کە دوایان خستووە . ئەوە واجبە کە قەزای بکەنەوە و هەموو ڕۆژێکیش خواردنی هەژارێك بدەن . بەڵام ئەگەر عوزریان هەبوو ئەوا تەنها قەزا کردنەوەیان لەسەرە . هەروەها هەرچ کەسێکی تریش قەزای قەرزی لەسەر بوو بەهۆی نەخۆشی یان سەفەر ئەوا هەمان حوکمی ئەوانەی پێشووی هەیە کە باس کران .

٣- دروست نیـیە بۆ ئافرەت کە ڕۆژووی سوننەت بگرێت و مێردەکەی ئامادەبێت مەگەر خۆی ڕێی پێبدات . وەك لە ڕیوایەتی موسلیم و بوخاریدا (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) . وەغەیری ئەوانیشەوە لە ئەبو هوریرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) ڕیوایەت کراوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (لایحل لإمرأة أن تصوم وزوجها شاهد إلاّ بإذنه)[2] وە لەهەندێ ڕیوایەتدا لای إمام أحمد و أبی داود زیادەی ئەوەی تێدایە کە دەفەرموێت (إلاّ رمضان) واتە حەرامە بەڕۆژوو بێت بەبێ ڕەزامەندی هاوسەرەکەی تەنها ڕەمەزان نەبێت . بەڵام ئەگەر هاوسەرەکەی ڕێی پێدا بۆ سوننەت یان ئامادەنەبوو . یان هاوسەری نەبوو . ئەوا کارێکی چاکە ئەگەر بەڕۆژوو بێت بەتایبەتی ئەو ڕۆژانەی کە خێری تایبەتیان هەیە بۆ ڕۆژوو . وەکو دووشەممە و پێنج شەممان یان سێ ڕۆژی هەموو مانگێك (١٣-١٤-١٥) یان شەش ڕۆژی شەوال وە (١٠) ڕۆژی ذي الحجة . وە ڕۆژی عەرەفە . وەڕۆژی عاشوراو و لەگەڵ ڕۆژێك پێشی یان ڕۆژێك لە دوای . بەڵام ئەگەر قەرزی لەسەر بوو ئەوا دەبێت لە پێشدا فەرزەکان قەزابکاتەوە . وەنابێت لەم کاتەدا سوننەت پێش بخات .

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

[2] متفق عليه . رواه البخاري (٢٩٣/٩) في النكاح ومسلم (١٠٢٦) في الزكاة ، وأبو داود (٢٤٥٨) في الصوم .